# له سلێمانی ٤٣ هەزار خێزانی هەژارو ١٠٠٠ ملیۆنێری دۆلار هەیه

بەڕێوەبەری گەشەپێدانی کۆمەلاَیەتی: دەوڵەمەندەکان یارمەتی هەژاران نادەن و ئەگەر داواشیان لێ بکەین وەلاَممان نادەنەوە

**بەدواداچونی: کاڵێ ئەنوەر**

"بەئاواتی ئەوەوەم شەوێك خەوم لێ بکەوێتو بڵێم سوپاس خودایە ئێستا قەرزارنیم، بەئاواتی ئەوەوەم جارێك لەگەڵ منداڵەکانمدا بچینە گەشتو سەیرانێك بڵێم ئۆخەی ئەوە منم کە لەم ژیانەدا دەژیم، کاکی خۆم هەزارەها چارەڕەشی وەکو من لەم کوردستانەدا هەیە کەس ئاگای لەحاڵیان نییە"، عەلی ڕەسوڵ، 45 ساڵ، کەلەدوکانە بچوکەکەیدا لەناحیەی ڕزگاری (سەر بەقەزای کەلار) گرمۆڵەی کردبوو وایوت.

عەلی کەهەژاریو نارەحەتیەکانی ژیانی بەئاشکرا لەروخساریدا ڕەنگی دابوەوە دەستی بۆ ناو دوکانە بچوکەکەی ڕاگێشاو وتی "کێ بڕوا دەکات ژیانی خێزانێکی 9 کەسی بەم دووکانە بەڕێوە دەبرێت؟"، دواتریش هەناسەیەکی قوڵی هەڵگێشاو سوێندی خوارد "ئەگەر بایەعیەکە نەبوایە تائێستا نیوەی خێزانەکەمان لەبرسا مردبون".

لەکاتێکدا بەرپرسانی حکومیو حیزبی هەرێمی کوردستان بەردەوام باس لەبەرەو پێشچونی ئاستی ئابوری هاوڵاتیان دەکەنو ناوبەناویش "مژدەی" ئەوەدەدەن کە کوردستان دەکەنە دوبەی، بەڵام بەپێی ئامارێك 30%ی هاوڵاتیانی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژینو زۆربەیان ئەوەندە داهاتیان نییە کەتەنانەت بەشی پێداویستیە هەرە سەرەتاییەکانی ژیانیان بکات.

"لەکوردستان دەوڵەمەندەکان تابێت دەوڵەمەندترو هەژارەکانیش هەژارتر ئەبن"، ئەمە قەناعەتی بەشێکی زۆری ئەو کەسانەیە کەلەکوردستاندا بەدەست هەژاریەوە دەناڵێننو پێیان وایە ئەو دەرفەتە ئابوریانەی لەکوردستاندا ڕەخساوە ئەوەندەی لەبەرژەوەندی سەرمایەدارو بەرپرسو خاوەن کۆمپانیا گەورەکانە بەشێکی ئەوە لەبەرژەوەندی چینی هەژاراندا نییە.

بەپێی دوو ئاماری جیاواز کەهاوڵاتی لەدوو سەرچاوەی ڕەسمیەوە دەستی کەوتووە بەئاشکرا ئاستی زەقبونەوەی ئەو جیاوازییە لەنێوان هەژارانو دەوڵەمەندەکانی کوردستان لەماوەی 17ساڵی دوای حوکمڕانی بەرپرسەکانی کورددا بەدەردەکەوێت.

بەپێی ئاماری یەکەم کەلەبەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتیەوە دەستی کەوتووە نزیکەی 43 هەزار خێزان لەپارێزگاکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك بەهۆی هەژاریەوە یارمەتی کۆمەڵایەتی وەردەگرن کەتەنها 30 هەزار دیناری مانگانەیە بۆ هەر خێزانێك.

بەپێی ئاماری دووەمیش کە لەعەبدوڵای حاجی سەعید ـ نوێنەری جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق بۆکاروباری بازرگانی دەستی کەوتووە زیاتر لە هەزار ملیوێنەری دۆلار بەتەنها لەشارێکی وەك

سلێمانیدا هەیە (کەبەپێی هەندێك بۆچون پێدەچێت ئەو ژمارەیە لەشارەکانی تری وەك دهۆكو هەولێر ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە).

ئەگەرچی دەنگۆی ئەو زانیاریانەی کە نزیکەی هەزار ملیونەری دۆلار لەسلێمانیدا هەبێت پێش زیاتر لەساڵێك لەمەوبەر بڵاوبوەیەوەو هەرزوش لەلایەن بەشێکی سەرمایەدارە ناسراوەکانی سلێمانیەوە ڕەتکرایەوە، بەڵام نوێنەرەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ کاروباری بازرگانی جەختی لەسەر ڕاستیو وردی ئەو زانیاریانە کردەوەو باسی لەوەکرد ئەوە نوێترین ئامارە کەتائەمساڵ ئامادەیان کردبێت.

لەکۆی ئەو 43 هەزار خێزانەی کەلەکوردستاندا هاوکاری کۆمەلایەتی وەردەگرن 20هەزارو 925 کەسیان لەشاری سلێمانیدان کەبەشێکی زۆری ئەمانە بەهۆی کەمئەندامیەوە ئەو موچەیە وەردەگرن.

بەڵام نەهرۆ عەبدوڵا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی کۆمەلاَیەتی لەسلێمانی، ئاماژەی بەوەدا زیاتر لە دووهەزارو 900 خێزانی ئەو ئامارە ڕاستەوخۆ بەناوی هەژاریەوە ئەو هاوکارییە وەردەگرن.

ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کەئەو هاوکاریەی دەیدەن بەخێزانە هەژارەکان زۆرکەمەو بۆ ئەومەبەستەش داوای زیادکردنی هەشت ملیار دیناری بوجەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان لەحکومەت کردووە تاهاوکاری خێزانە هەژارەکان زیادبکەن "بەلاَم تاکو ئێستا هیچ شتێك نەکراوە".

وەك ئەوەی نەهرۆ باسی کرد لەبنەمادا دەبێت ئەو موچەیەی دەیدەن بەخێزانە هەژارەکان بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکان بگۆڕێت، بەڵام تائێستا بەهۆی کەمی ئەو بوجەیەی بۆیان تەرخانکردون نەیانتوانیوە ئەو میکانیزمە جێبەجێبکەن.

عەبدولای حاجی سەعید نوێنەری جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق بۆکاروباری بازرگانی لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی کەئەوان زانیاری تەواویان لەبارەی ناسنامەو ئاستی سەرمایەی ئەو هەزار ملیوێنەری دۆلارەی سلێمانی هەیە بەلاَم بەپاساوی ئەوەی کە "لەسەریان دەکەوێت" ئامادەنەبوو ناوی هیچ کام لەو سەرمایەدارانە ئاشکرا بکات، تەنها ئاماژەی بەوەدا "زۆربەیان لەبازرگانو خاوەن کۆمپانیاو سیاسەتمەدارو بەرپرسەکان پێك دێن".

ئەگەرچی نوێنەرەکەی سەرۆك کۆماری عێراق بۆکاروباری بازرگانی ئاماژەی بەوەدا کەئەو دەوڵەمەندانە "تاڕادەیەك" یارمەتی هەژارانی شارەکەی خۆیانداوە، بەڵام نەهرۆ عەبدولا بەڕێوەبەری گەشەپێدانی کۆمەلاَیەتی سلێمانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە تائێستا ئەو ملیوێنەرانە هیچ یارمەتیەکی هەژارانیان نەداوەو وتی "ئێمەش داوامان لێنەکردون، چونکە ئەگەر داواشی بکەین وەلاَممان نادەنەوە".

بەڵگەشی بۆ ئەو قسانەی ئەوەبوو کە لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا سندوقی خێرخوازی بە مەبەستی یارمەتیدانی هەژاران دانراوە بەلاَم ئەو وتی "ئێستا کەس ڕوو لەم سندوقەش ناکات".

عەبدوڵای حاجی سەعید گومانی نەبوو لەوەی کەئەو 30هەزار دینارەی مانگانە دەدرێت بەخێزانە هەژارەکانی کوردستان بەشی بژێوی ژیانیان ناکاتو ئاماژەی بەوەدا داوایان لەوەزارەتی کاروباری کۆمەلاَیەتی حکومەتی هەرێمو پەرلەمان کردووە کە ئەو موچەیە زیاد بکەن، بەڵام ئەویش ئومێدێکی وای ڕانەگەیاند کە لەماوەیەکی نزیکدا ئەو داواکاریەیان جێبەجێبکرێت.

نوێنەرەکەی جەلال تاڵەبانی ئەوەی نەشاردەوە کەلێنەکانی نێوان چینی هەژارانو دەوڵەمەندان لە کوردستاندا تابێت بەرەو فراوانتر دەچێتو وتی "سەرمایەدارەکان بازاڕیان گەرمەو فەقیرەکانیش ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن" هەروەك وتیشی "کۆمەڵگەی کوردستان بەسەر فەقیرو سەرمایەدارەکان دابەش بووە".

بەڕێوەبەری گەشەپێدانی کۆمەلاَیەتی سلێمانی، بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی لەکوردستاندا بەپێویستی زانی حکومەت کار بۆ هاوڵاتیان بدۆزێتەوەو کارگەکان بخاتەوە کارو بەموچەیەکی باش ئەو کەسانەی تیا دابمەزرێنێت کەکێشەی بێکاریان هەیە.

بەپێی ئامارێك 30%ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژینو زیاتر لە 18%ی هاوڵاتیانیش بێکارن.

فەیسەڵ عەلی وەك ئابوریناسێکی چالاك کەچەندین سیمینارو توێژینەوەی لەسەر گرفتە ئابوریەکانی کوردستان ئەنجامداوەو هەمانکات سەرۆکی یەکێتی ئابوریناسانی کوردستانیشە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئامارە ئەم ڕێژەیەی بەئاستێکی ترسناك وەسفکردو وتی "هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆنەبونی پلانێکی باش لەلایەن حکومەتەوە".

ئەو پسپۆڕە ئابورییە لەگەڵ ڕەخنەگرتنی لەزیادکردنی موچەی فەرمانبەران کە تەنها توێژێکی کۆمەڵگە لێی سودمەند دەبن و بەهۆی گرانبونی شتومەکەکانی بازاڕەوە بەزیان بەسەر خەڵکە هەژارەکەدا دەشکێتەوە، بەپێویستی زانی حکومەت پلانێکی نوێ دابڕێژێت کە ڕێژەی هەژاری کەم بکاتەوە.

فەیسەڵ عەلی وتیشی "هەرچەندە ملیاردێرێکی زۆر لەکوردستاندا هەیە بەلاَم ئەمانیش ناتوانن بێ یارمەتی حکومەت چارەسەری هەژاری بکەن چونکە ئەم سەرمایەدارانە ئەگەر یارمەتی هەژارەکانیش بدەن تەنها لە کاتێکی دیاری کراودایە".

عەلی ڕەسوڵ، 45 ساڵ، لەدوکانە بچوکەکەیدا هەستایە سەر پێو وتی "مەسول و دەوڵەمەندەکان هەمووی خاوەنی بازاڕی گەورە و ڤێلاو سەیارەی ئاخر مۆدێلو پارەی زۆرن، خوا دەیان گرێت بڵێن ژیانی خەڵکی کوردستان ناخۆشە بەلاَم قوڕ بەسەر من و ئەو هەزاران کەسەی وەك من وان هەتا ڕۆژی قیامەت ڕاکەین پارەی مەسرەفی منداڵێکی مەسولێکیان پەیدا ناکەین".

سەرچاوە: هاوڵاتی

Wednesday, September 03, 2008